ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەشداری گردبوونەوەی ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر غەززە کرد

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەشداری گردبوونەوەی ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر غەززە دەکات.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە (18ی تشرینی یەکەمی 2023)، سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی بەشداری کرد لە گردبوونەوەی سەرکۆنە کردنی هێرشەکانی سەر غەززە کە لەلایەن ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی شاری سلێمانی ساز کرابوو.

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە لێدوانێکدا جەختیکردەوە کە دڕندانەی قەوارەی داگیرکرای زایۆنی (ئیسرائیل) زۆرتر دەرکەوت و لە هەمان کاتدا ئەوەش بۆ جیهان ڕوون بویەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆژئاوا چەند درۆ دەکات لەگەڵ دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، نەك چاوپۆشی دەکات لە کاولکردنی شار و لادێکانی غەززەو کۆمەڵکوژی دانیشتوانەکەی بەڵکو هەشتا ئیسرائیل بە مەزڵوم دەزانێت، هەروەک چۆن باسی لێوە کرد.

سەلاحەدین بەهائەدین وتیشی: ئێمە لە کاتێکدا دەنیایین لە سەرکەوتنی هەق و هەقانیەتی دۆزەکە، دەزانین جەنگی موقەدەسات و پیرۆزییەکانی ئوممەتی ئیسلامەو بەرگریە لە مافی زەوتکراوی گەلێکی چەوساوە.